# ئەوەندە لە سامانەکەی ببە بە دادپەروەرانە کە خۆت ومنداڵەکانت پێویستتانە

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هیندی کچی عوتبە -خێزانی ئەبو سوفیان- هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-، ووتی:«ئەی پێغەمبەری خودا، ئەبو سوفیان پیاوێکی ڕەزیلە، بە پێی پێویست خەرجی ناکات بۆ من ومنداڵەکانم، مەگەر ئەوەندە نەبێت کە خۆم لە سامانەکەی (پارەکەی) ببەم بە بێ ئەوەی ئەو پێی بزانێت، ئایا لەم کارەدا گوناهبار دەبم؟ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرموی: «ئەوەندە لە سامانەکەی ببە بە دادپەروەرانە کە خۆت ومنداڵەکانت پێویستتانە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هیندی کچی عوتبە -ڕەزای خوای لێبێت- داوای فەتوای کرد لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سەبارەت بە ئەبو سوفیانی مێردی -ڕەزای خوای لێبێت-، وباسەکە ئەوە بوو کە ئەبو سوفیان پیاوێکی ڕەزیلە و بەپەرۆشە لەسەر پارە وسامانەکەی، و وەکو پێویست خەرجی ناکات لەسەر ئەو ومنداڵەکانی، مەگەر خۆی (هیند) بە نهێنی لە پارەکەی دەربکات لەکاتێکدا ئەبو سوفیان پێی نازانێت، پرسیارەکەی ئەوە بوو: ئایا هیند گوناهبار دەبێت لەسەر ئەو کارە؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: لە پارەکەی هێندە ببە بۆ خۆت ومنداڵەکانت بەپێی ئەوەی باوە وزانراوە کە پێویستی پر دەکاتەوە ودادپەروەریە ئەگەرچیش ئەو پێی نەزانێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2965

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee